١٣٢

# دنیای منداڵان

www.kurdistanukurd.com
ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا
جۆزەردانی ١٣٩٢ – ژوئەنی ٢٠١٣



## داهاتووی گەشی کۆمەڵگا لە گرەوی دەستەبەرکردنی مافی منداڵان دایە

١ی ژوئەن (١١ی جۆزەردان)
ڕۆژی جیهانیی منداڵان

ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دنیای منداڵان ۲
ژماره ١٣٢- جۆزەردانی ١٣٩٢







# دنیای منداڵان

**گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا**

سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: هانا وریا، کاوە ئاهەنگەری

دیزاینەر: مینا سوڵتانزادە

سەربەرگ: ئەیوب شەهابیراد

**پەیوەندی:**

www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan

mndalanikurd@yahoo.com

www.Kurdistanukurd.com

Tel: ٠٧٧٠٥١٦٤٥٣٥





# پەیامی پیرۆزبایی ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان

**منداڵە خۆشەویستەکان!**

**دایکو باوکە بەڕێزەکان!**

سەرەتا بە بۆنەی هاتنەوەی رۆژی جیهانی منداڵان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان لە هەموو منداڵانی جیهانو بە گشتی منداڵانی کوردستان، بەتایبەت منداڵانی دیموکراتو بە تایبەتیر منداڵانی بەشدار لەو جێژنەدا دەکەین.

بەڕێزان!

هەر وەک دەزانین رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بایەخدان بە توێژی منداڵانو راکێشانی سەرنجی دەوڵەتان داوای لە هەموو وڵاتانی ئەندامی کردوە کە ڕۆژێکیان وەک ڕۆژی منداڵان هەبێ. بە خۆشییەوە ئێستا زۆربەی وڵاتان ڕۆژێکیان بەو ناوە هەیەو لە کوردستانیش یەکی ژوئەن، وێڕای زۆرێک لە وڵاتانی دیکە بە ڕۆژی منداڵان داندراوەو لەو ڕۆژەدا سەرنجەکان لە سەر منداڵان کۆ دەبنەوە.

منداڵان توێژی هەرە گرینگو هەستیاری هەموو کۆمەڵگایەکن، کە یاساکانی ژیان، بارودۆخی سروشتیو ناسروشتیی ژیان زیاتر لە هەموو توێژەکان لە سەر منداڵان شوێنکاریان هەیە، هەر بۆیە یاساکانو شیوەی بەڕێوەبەریی هەر وڵاتێک لە خزمەت پاراستنی مافو هەروەها پەروەدەکردن، بارهێنان، دابینکردنی

ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئیمکاناتی ژیانو  دەستەبەری ئەمنیەتی گیانیی ئەواندا بن.

لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە پێی ئەو کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییانە کە وڵاتان ئیمزایان کردوون، تا ڕادەیەکی زۆر

مافەکانی منداڵان بۆ ژیانێکی باشو شیاوی ئەوان دابین کراوەو منداڵ لەلایەن بنەماڵەو کۆمەڵگاوە بایەخی پێ دەدرێ، بەڵام بە داخەوە لە ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بارودۆخەکە جۆرێکی دیکەیە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەگەرچی کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵانی ئیمزا کردوە، بەڵام تاکوو ئێستاش بەرعۆدەی هیچ کام لەو بەرپرسایەتیيانە نەبوە کە دەکەونە سەر شانی. هەر بۆیەش دەبینین کە منداڵان لە ئێران بێبەشترین، لەبیرکراوترینو خەسارهەڵگرترین توێژی کۆمەڵگان.

جێی خۆیەتی هەر لەو ڕۆژەدا ئاوڕێک لە ژیانو گوزەرانی منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بدەینەوە.

منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستادا لە زۆربەی هەرە زۆری مافەکانی ژیانیان بێ بەرین، بەشی ئەوان لە کاتی دایکبوونیشیاندا هەر هەڵاواردنو پشتگوێ خرانەو هەر لە سەرەتای ژیانەوە وەک مرۆڤی پلە ٢ دەژینو لە قۆناغەکانی سەرەوەتر کە دەچنە قوتابخانە مافی ئەوەیان نیە بە زمانی زکماکیی خۆیان فێری خوێندنو نوسین بن.

لە یاسای هەموو وڵاتانی پێشکەوتوودا ئەوە ئەرکی حکومەتە کە بەرعۆدەی خوێندنو ژیاندنو پێڕاگەیشتن بە منداڵان تا گەیشتن بە تەمەنی قانوونیی ئەوان بێ، بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان منداڵان نە تەنیا بەو شێوەیە ژیانیان دابین نەکراوە، بەڵکوو زۆر لەوان لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژینو ساڵانە بە هەزاران منداڵ بە هۆی هەژاریی بنەماڵەکانیانەوە ناچارن وەبەرکار بنرێنو لەسەر شەقامەکان یا لە کورەخانەو مووچەو باخو مەزراکان بە کاری ڕۆژو شەوی یارمەتیی بژیوی خێزانەکانیان بدەن.

زۆریش لەوان بە داخەوە دەکەونە داوی قاخاغچیی ماددە هۆشبەرەکان، یا دەرفێندرێن و لە لایەن هێندێک کەسەوە بە شێوەی نایاسایی سواڵیان پێ دەکرێو لەو ڕێگایەشەوە تووشی دەیان خەسارو لادانی کۆمەڵایەتی دەبن.

ئێمە وەک ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەرکی خۆمانی دەزانین بە هەموو شێوەک هەوڵ بدەین کە دەنگی منداڵانی ڕۆژهەڵات بگەیەنین بە ناوەندە نێوەدەوڵەتیەکان، بۆ ئەوەی ئاوڕێکیان لێ بدرێتەوەو فشار بۆ ڕێژیمی ئێران بێنن تا دان بە مافەکانیان دابنێو بەرعۆدەی دەستەبەر کردنی ئەو مافانە بکرێو ئەمنیەتی گیانی و ڕەوانیی منداڵان بپارێزێ.

بە هیوای ئەو ڕۆژە کە منداڵانی کوردستانیش وەک هەموو منداڵانی وڵاتانی پێشکەوتووی‌جیهان بە ئارامی و ئاشتی بژین.

**ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**١ی ژوئەنی ٢٠١٣ زایینی**
**١١ی جۆزەردانی ١٣٩٢ زایینی**

## پەندی کوردی‌و چیرۆکەکەی

### « کشەکشە مریشکە ڕەشە، میوان ڕۆژێک‌و دووان خۆشە»

هەبوو نەبوو سەردەمانی زوو، کابرایەک بە میوانی چووە ماڵی ناسیارێک. خانەخوێ ڕێز و حورمەتێکی زۆریان گرت. خواردنێکی باشیان بۆ ساز کرد. شەوێش نوێن‌و بانێکی جوانیان بۆ ڕاخست. کابرا زۆری پێ خۆش بوو، بۆیە سبەی ئەو ڕۆژەش مایەوە. سێحەب ماڵیش بە ڕووخۆشی‌و دڵفرەوانی خزمەتیان کرد، بەڵام کابرای میوان کە پیاوێکی تەمبەڵو تەوەزەل بوو، خراپ لەوە حاڵی ببوو. ئەو بەخۆی گوت مادام وایە، لێرەم باشتر دەست ناکەوێ. خواردنی خۆش، جێی نووستنی باش.
ئیدی ڕۆژ هات‌و ڕۆی. سێحەب ماڵ بە خۆی‌و خاوو خێزانی زۆر وەڕەز ببوون. ئیستراحەت‌و ئاسوودەیی‌یان لێ هەڵگیرابوو. بەڵام کابرا مەنزووریشی نەبوو، پاڵی دابۆوە. تا ڕۆژێکیان ژنی خانەخوێ دان‌و ئاوی بە مریشکەکانی دەدا. کابراش لە ژووری پاڵی دابۆوەو خەریکی خواردن بوو. ژنە بەدەم لاواندنەوەی مریشکەکەی بە دەنگێکی بەرزیش گوتی: کشەکشە مریشکە ڕەشە، میوان ڕۆژێک‌و دووان خۆشە....




ژنە بەو جۆرە میوانەکەی تێگەیاند کە لێی وەڕەز بوون و تاقەتیان نەماوە. ئیدی لەو کاتەوە ئەوە بۆتە پەندو لەو کاتانەداو ئەو وەختانە کە کەسێک بۆ ماوەیەکی زۆر کەسێکی دی وەڕەز دەکا بەکار دەهێندرێ

ن: باوکی نیان
وێنە ماڵپەڕی قەندیل




مامۆستا سەعید نەجاڕی
«ئاسۆ»

سەعید نەجاڕی ناسراو بە مامۆستا ئاسۆ شاعیر، لێکۆڵەرو نووسەری بە توانای گەلەکەمان ساڵی ١٣٣٥ لە گوندی ساروقامیش سەر بە شاری بۆکان لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی هەر لەو گوندە تەواو کردوەو داوتر بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە شاری سەقز، داوی ماوەیەک بۆ تەواو کردنی قوتابخانە هاتۆتە شاری بۆکان.

مامۆستا ئاسۆ دوای وەرگرتنی دیپلۆم بۆتە مامۆستای قوتابخانەو لە هەمان کات دا درێژە بە خوێندن دەدا، لە زانکۆی ورمێ لیسانسی ئەدەبیات وەردەرگرێ چەند ساڵ دواتر لە زانکۆی تەورێز خوێندنی کارناسیی باڵا تەواو دەکا.

مامۆستا سەعید نوسەر، هەروەها شاعیرێکی بە توانایەو لە بواری نووسینو شێعردا خزمەتێکی زۆری بە نەتەوەکەمان کردوەو زۆربەی شێعرەکانی بۆ کوردستانو جوانیەکانی کوردستان گوتوە.

مامۆستا ئاسۆ تا ئێستا چەندین کتێبی چاپو بڵاو بۆتەوە لەوانە:

گەزیزە/ کۆمەڵە شێعر
تەوژمی خەیاڵ/ کۆمەڵە شێعر
ڕێبوار/ ڕۆمان
لە قەڵاوە بۆ قەڵا/ سەفەرنامە
کتێبی کوردانی « پارسی گوی»

هەروەها کۆمەڵێک وتاری ئەدەبیو شێعر کە لە کتێبێک بەناوی «چەند گەڵا بەدەم باوە» بڵاوی کردۆتەوە.

ئا: شیلان قوربانیفەر

# نیان بۆ وەدرنگێ کەوتبوو؟



دە خولەک دەبوو کە مامۆستا هاتبووە نێو پۆلەکە و دەستی بە وانە گووتنەوە کردبوو. هەموو قوتابییەکان هاتبوون جیا لە نیان. بیست خولەک تێپەڕیو نیان هەر دیار نەبوو. مامۆستا لە هاوڕێکانی نیانی پرسی:

نیان بۆ نەهاتووە؟ خۆ ئەو قوتابییەکی کات ناسەو هەموو ڕۆژێک لە کاتی خۆیدا دێ؟

قوتابییەکانی هاوڕێی نیان گوتیان ئێمەش نازانینو پێمان سەیرە.

لەم قسانەدا بوون کە نیان لە دەرکەی پۆلەکەی داو هاتە ژورێ.

زۆر ماندوو ببوو، هەناسەی سوار ببوو و ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو. ئیجازەی لە مامۆستا وەرگرتو چوو لە جێی خۆی دانیشت.

مامۆستا گوتی: نیان گیان هۆکاری چی بوو کە ئاوا وەدرەنگ کەوتی؟

نیان گوتی: مامۆستا ببورە کە درەنگ هاتم، کاتێک کە دەمویست لە دەشتەکەی پشت ماڵی خۆمان بێم بەرەو قوتابخانە، پیاوێکی پیر و بەساڵاچووم بینی کە دیار بوو ڕێگەی ون کردبوو. کاتێک لێی چوومە پێشێ دیتم کە ئەو مامە پیرە چاوەکانی لە دەست داونو هیچ شوێنێک نابینێ.

ئەمنیش دوو ڕێگەم هەبوو یان یارمەتیی ئەو پیاوە بدەم یاکوو بێمە قوتابخانە، گوتم یارمەتی دەدەمو پاشان دێمە قوتابخانە.

ئیدی دەستی مامە پیرەم گرتو گەیاندمە ئەو شوێنەی کە بۆوێ دەچوو، ئەوە بوو کە ئاوا وەدرەنگ کەوتم.

نیان هەر کە قسەکانی تەواو کرد، مامۆستا و هاوپۆلەکانی دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان بۆ نیانو سپاسی نیانیان کرد.

لەو ڕۆژە بەدواوە هەموو هاوڕێکانی نیان ئەوە فێر بوون کە یارمەتیدانی بەساڵاچووان کارێکی زۆر باشەو ئەرکی هەموویانە.

بژی نیان گیان بۆ ئەو کارە جوانەت.

**ئازاد عەباسیان**

## بە دڵی خۆتان بمڕەنگێن



منداڵینە فریای ئەو مشکە چڵێسە بکەون‌و ڕێگەیەکی بۆ بدۆزنەوە



# ئاواتی منداڵان



من ناوم هیوا دەستەدارە، تەمەنم ١١ ساڵەو پۆلی پێنجەمی سەرەتاییم. هیوادارم لە دوارۆژ دا ببمە مهەندیس، نازانم بۆ بەڵام زۆرم پێ خۆشە، بەڵام با دەزانم، بۆوەی خزمەت بە گەلو نیشتمانم بکەم.



من ناوم هاوژین عەبدوڵلاهیە، تەمەنم ١٣ ساڵەو لە پۆلی حەوتەم دەخوێنم ئاواتم ئەوەیە لە داهاتوو دا ببمە دکتۆر بۆ ئەوەی خزمەتی خەڵکی بکەم .



من ناوم ئاکار قادرییەو تەمەنم ٩ ساڵەو لە پۆلی سێهەم دەخوێنم. منیش ئاواتم ئەوەیە ببمە دکتۆر .



ئەمن ناوم خانی سۆفیە، تەمەنم ١٢ ساڵەو پۆلی پێنجەمی سەرەتاییم، ئاواتم ئەوەیە لە داهاتوودا ببمە مامۆستاو خزمەت بە منداڵانی کورد بکەن.

# چەند دیمەنێک لە ڕێوڕەسمی ای ژوئەن ڕۆژی جیهانیی منداڵان



بەڕێز عومەر باڵەکی، لە کاتی خوێندەوەی پەیامی دەفتەری سیاسی



شیلان قوربانیفەر، لە کاتی خوێندنەوەی پەیامی منداڵپارێزی



عەبدووڵڵا سادقی



ڕێزان قادرزادە پێشکێشکار



هەتاو ناسری پێشکێشکار



نیهاد دەرێۆفتادە



هەواڵ قازی



نیشتمان عەبدوڵلازادە



سەناریا خزرپوور





تریفە دەرێۆفتادە




شێعر خوێندنەوەی منداڵان



بەشدارانی جێژنەکە




شانۆی «پەشیمانی»



سروودی « بووکە شووشە» لەلایەن گرووپی سروودی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتەوە



بەشدارانی جێژنەکە




سروودی « ئێمەی منداڵ شیرینین» لەلایەن گرووپی سروودی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتەوە




شێعر خوێندنەوەی منداڵان



بەشدارانی جێژنەکە




شانۆی قوتابی‌و مامۆستا



دڵناز سدقی



هەڵپەرکێی گرووپی «باران»





شێعر خوێندنەوەی منداڵان





بەشدارانی جێژنەکە

# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

## وانەی حەڤدەیەم

کاوە ئاهەنگەری

A B C D E F G H I J k L M N O P Q R S T U V W X Y Z



on the table

لە سەر مێزەکە



in the box

لە نێو کارتۆنەکە



next to the table

لە پەنا مێزەکە



under the table

لە ژێر مێزەکە



in front of the table

لە پێش مێزەکە

A E B C G H I F J k M N P Q R S T O U L V W X Y Z i

منداڵە ئازیزەکان
چاو لەو دوو خەتەی خوارەوە بکەنو بە چاو بزانن کە کامیان درێژترە.
خەتی ١ درێژترە، یان خەتی ٢ ؟



وەڵام:
لەوانەیە زۆربەتان بڵێن کە خەتی دووهەمیان درێژترە یان هەندێکتان بڵێن کە خەتی یەکەمیان درێژترە.
بەڵام ئێمە دەڵێین کە هەر دوو خەتەکە درێژاییەکەیان وەک یەکە. خەمتان نەبێ ئەوە هەڵەیەکە کە هەموو مرۆڤەکان تووشی بوونو زۆر ئاساییە. ئەمە پێی دەڵێن خەتای بینینی چاو.

**ئامادە کردن: سورکێو رەحیمی**



# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



* ئەحۆل لە کەسێک دەپرسێ بێ زەحمەت سەعات چەندە؟ ئەویش دەڵێ سەعات دەیە

ئەحۆلیش دەڵێ ئەی هاوار ئەو خەڵکە بۆ وایان لێهاتوە ؟ لە بەیانییەوە لە هەر کەسێک دەپرسم، هەر یەکەو شتێک دەڵێ.



* ئەحۆل سەیری تەلەڤزیۆنی دەکردو دیتی ئەوە دوو کەس لە ناو تەلەڤزیۆنەکەدا لە یەکتر دەدەن، بە پەلە هەڵدەستێ تەلەڤزیۆنەکە دەکوژێنێتەوە، لێی دەپرسن ئەوە بۆ دەیکوژێنیەوە؟ دەڵێ: کورە خۆ نەمکوژاندبایەوە یەکتریان دەکوشت.

# دایەو بابە

دایەو بابە چاومانن
هێزی دڵ، هەناومانن
دایەو بابە شیرینن
هەتوانی سەر برینن

دڵسۆزێکی بێ هاوتان
وەفاداری تاهەتان
بە پەروەردەو فێرکردن
پۆشاکی چاک، تێرکردن
ئێمەیان ئامادە کرد
تەمەنێکیان بەسەر برد



بۆ دوا رۆژێکی رووناک
بۆ خزمەتی گەل و خاک
تاکو ببین بە پێشەنگ
بۆ ئاشتی لە دژی جەنگ

عەلی بەختەوەر

## دنیای منداڵان بە بۆنەی یادی لە دایکبوونی

## ئەو پەپوولەیە پیرۆزبایی پێ دەڵێ



سارم قەوی پەنجە ١٣٩٢/٣/١٥

## فێرگەی نەقاشی



# وڵاتەکەمان بناسین

## سەڵماس

سەڵماس شارێکی مێژوویی کوردستانە کە پێشتر ناوی شاپوور بووەو لە هەزارەی پێش زایینیدا پایتەختی « ئورارتوویەکان» بووە.

شاری سەڵماس لە سەردەمی دەسەڵاتی ساسانیو ئەشکانییەکاندا یەکێک لە شارەکانی نێوان ئیمپراتوریی ئێرانو رۆم بووە.

حەشیمەتی شاری سەڵماس بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٣٩٠ نیزیک بە ٨٨ هەزار کەس بووە.

دانیشتووانی ئەو شارە کە لە پارێزگای ورمێ هەڵکەوتوە، لە نەتەوەکانی کورد، ئازەری، ئەرمەنیو ئاشووری پێک هاتوە.

بەرزایی شاری سەڵماس لە ئاستی دەریا ١٣٦٩ مێترەو لەم شارەدا بەرە، فەرش، پەنیری کوپە، ئارەقی بیدمێشک، نوقل، هەڵوای دۆشاو ، بەرهەم دەهێندرێو لەو بارەوە بەناوبانگە.

لە شوێنەوارى گەشتیاریی خۆشی ئەم شارە دەتوانین ئاماژە بە تاقگەی خۆڕخۆڕە، کلیسای حەوتەوان، تالاوی چیچەک، قەڵاکانی چەهریق، خان تەختی و قارنی یارق بکەین.

شاری سەڵماس لە گەڵ شارەکانی ورمێ لە باشوورەوە، خۆی لە باکورەوە، شەبستەر لە رۆژهەڵاتەوەو کوردستانی باکوور لە رۆژئاواوە هاو سنوورە.



قەڵای چەهریق



کلیسای حەوتەوان

ئا: ئەشکان میلانی



دانیا ئاراز



پێشەوا نووری



سارم قەویپەنجە



خەلات شێخە



هەردی قەلەرەشی



ئاراس رەنجبەری



رێبەر نادریان



سارێژ سەممار



# ویٚنەکانتان لە دنیای منداڵاندا


کاروان هەیکەلی


نیان قارەمانی


میران قارەمانی


مسوە مەمەند


ئەیاد مەمەند


محەممەد شامرادی


چیا مودیر


دانیا دیار


دوین دیار



سانیار ئاتەشبەهار


دنیای منداڵان
Child's World
ژیوار ئیبراهیمی